# دیموکراتیزەکردنی باشوور بەرەو کوێ مل دەنێ !

هاشم عەبدوڵلا

دەســـــتەلأتدارانی باشـــــووری کوردســـــتان هەمیشــــە شـــــانازیان بەدیموکراسی بوونیخۆیانەوە کردووە بـــوونی لایـــەنی سیاســـی جیـــاوازو ڕێزگـــــرتن لـــــەدیاردەی فرەحزبـــــیو هەبوونیچـــــەندین ئێزگـــــەی ڕادیـــــۆو تەلـــــەفزیۆن ، گۆڤـــــارو ڕۆژنامـــــەو بلأوکراوەکانیـــــــان بەســــــــەنەدی دیموکراســـــیبوونی دەســـــتەلأتەکەیان لێکدەدەنـــــــــەوە . لەپرۆســـــــــەی هەڵبژادنەکانیشـــدا بـــەڵێن و پـــەیمانی ڕەنگـــاو ڕەنـــگ بەجـــەماوەر دەدەن و داوایان لێدەکـــەن لـەپێناو سەرخستنی ئـــەو سیاســـەتە دەنگیـــان پێبـــدەن و هەڵیانبژێرنـــەوە. کـــاتێ لەســـەر کورســـی دەســـتەلأت دانیشـــتونەتەوە نـــەك هـــەر بەبەڵێن و پەیمانەکانیان وەفادارنەبوون ، بـــەڵکو بەپێچـــەوانەوە هـــەنگاویان هـــەڵگرتوە و بێمنـــەتیان نوانـــدووە . بــــەڵێنی هـــــەرزانیو چاکســـــازی و پاکسازیان بەخەڵك داوە، بەلأم بازاڕیان شێواندوە، نرخی خۆراك و کەل وپەلیان بەرزکردۆتـــەوە، درێـــژەیان بەگەنـــدەڵی داوەو چاویان لەهەڵەو کەمووکوڕیـــەکان پۆشـــیوە. جـــەماوەریان لەحکومـــەت و دام ودەزگاکـــانی دابڕیـــوە، بـــۆحیزب و ئەنـــدامانی قۆرغیـــان کـــردووە، پـــرۆژە خزمەتگوزاریـــــەکانیان بەنیوەچـــــڵی هێشتۆتەوە.

بۆلەبیرکردنـــــــەوەی ســـــــۆزو پەیمانـــــەکانیان دەیـــــان گرفـــــت و تەنگـــــەژەیان قـــــوت کردۆتـــــەوە . بەمەبەســـتی لأڕیکـــردن و گواســـتنەوەی چاو و هزری جەماوەر لەسەر قەیرانێکی کوشـــندە، هـــاتوون لـــەبوارێکی دیکـــەدا قـــــەیرانێکی ئـــــالۆز و گـــــەورەتریان هێناوەتە ئاراوە. تەنگـــەژە بەتەنگـــەژە لـــەبیر خـــەڵك دەبەنـــەوە. لـــەجیاتی قـــەیرانی کارەبـــا چارەســـەر بکـــەن، قەیرانی ســـوتەمەنی بـــەدیاری دەهێـــنن. لـــەجیاتی کوچـــەو کـــۆلأنی گـــەڕەك و شارەدێکان قیرتاوبکەن، شەقام وڕیگـــاو بانەکان هەڵدەدڕن و چاکیان ناکەنەوە. بۆئـــەوەی ڕامـــانی جیـــاوازو دەنگـــی نـــەیاران بخنکێـــنن، هەڵمـــەتی نـــاڕەوای بـــەڵێ بـــۆ دەســـتوورو ڕیفرانـــدۆم و دروســــــتکردنەوەی عێـــــراق وەڕێ دەخەن. تـا گـەلی کوردسـتان نەپرژێتـە ســـەر لێـــدوان لەســـەر چارەنووســـی کـــەرکوك و ناوچـــە دابڕاوەکـــانی دیکـــە، مەترســـیەکانی تـــیرۆرو عەرەبـــە توونـــد ڕەوەکان زەق دەکەنەوە و بەرەو پیری ئاشتەوایی گشتییەوە دەچن. بۆخۆیـــان یاســـا دەردەکـــەن و بۆخۆشـــیان لـــەژێر پێـــی دەنـــین، بـــەگوێرەی یاســـاو بانگەشـــــــەکانی میـــــــدیاکانی دەســـــتەلأتداران، تاکـــەکانی کۆمـــەڵ لـــــــەدەربڕینی بۆچـــــــوونەکانیان ئازادن،بـــەلأم لەســـەر ســـوکە ڕەخنـــەو گلـــــــەیی مامۆســـــــتاکانی زانکـــــــۆ دەگوازنەوەو دەریان دەکەن.

بـــەگوێرەی بڕیـــاری ســـەرکردەکان نابێ کەس لەخۆڕاو بەبێ بڕیاری دادوەر بگیرێ و زینـدانی بکرێ، بـەلأم لەسـەر نووسـێنێکی سـەر تـۆڕی ئێنتـەرنێت سیاسەتمەدارو ڕۆشـنبیران دەفرێنـدرێن و شوێن بزر دەکرێن. لەو عێراقـەی کـە دەستەلأتدارانیباشـوور بەپەرۆشـــەوە باســـــی نوێبوونـــــەوەی دەکـــــەن ،واپیشـاندەدن کەهێشـتا زۆری مـاوە هـــەنگاوی دیمـــوکراتیزەکردنی بـــۆ بهاوێژرێ و دەبێ ئەزموونی دیموکراسی باشـــووری کوردســـتان بکـــرێ بـــە چاوگەیەك بۆ دیموکراتیزەکردنی هەموو عێـــراق، دەبیـــنین دیکتاتۆرێـــك وەك ســـــەدام حوســـــێن و دارو دەســـــتە تاوانبارەکـــەی بـــە ئاشـــکرا دادگـــەیی دەکـــرێن و پـــارێزەرو ئاوقاتیـــــان بۆدەگیرێ، بـەلأم نوسـەرو ڕوناکبیرانی باشـــوور بەدزیـــەوە ڕاپێچـــی زینـــدان دەکرێن و ڕێگـەش نـادرێ کـەس لێیـان بپێچێتەوە. تەنانـەت بنەماڵەکانیشـیان بۆیـان نیـە بـاس لـەگرتن و زینـدانی کردنیان بکەن.

بەگوێرەی یاسا هـیچ هێزێـك بـۆی نییە لە٦ ی‌ئێوارە تا ٦ ی بەیانی بچێتە ســـەرمالأن و بیـــان پشـــکنێ یـــان تۆمـــەتباران بگرێـــت، بـــەلأم لەپـــەنای هەڕەشـــەی تـــیرۆرەوە لەنیوەشـــەواندا هێزەکـــانی ئاســـایش دەســـت ئـــاوەلأ دەکـرێن تـا هەڵبکووتنـە سـەر مـالأن و هاولأتیان بگرن، لەکاتێکدا خۆیـان داوا لەخـــەڵك دەکـــەن ئەگـــەر لەشـــەودا پـــەلاماردران، بەرپەرچیـانٍ بدەنـەوە، بـەلأم خۆیـان تەقـە لەخـەڵك دەکـەن و بـــەبیانۆی ئـــەوەی خۆیـــان بەدەســـتەوە نـــەداوە، مـــافی ئـــەوە بـــەهێزەکانیان دەدەن تا هاولأتیـان بکـوژن و شـەوانی ئارام بشێوێنن و ژن و منـدالێ زراو ڕژێـن بکـــەن. دەســـتەلأتداران ســـندوقەکانی دەنگدان بەمەحەکی دیموکراسی بـوونی خۆیـــان پیشـــاندەدەن و داوا دەکـــەن خـــەڵك ئازادانـــە بەشـــداری لەپرۆســـەی هەڵبـــژاردن بکـــەن و بـــەئارەزووی خۆیانـەوە دەنـگ بـدەن، بـەلأم ئەگـەر خەڵك دژ بەداوای ئەوانەوە دەنگ بدات، دەنگەکـــەی دەســـووتێندرێ، ئەگـــەر نەچـــێ بۆدەنگـــدان، لـــەجیاتی ئـــەو بەخواستی فەرمانڕەوایان فۆڕمەکەی بۆ پڕدەکرێتـــــەوە. تانەنـــــەت لەســـــەر بەشداری نەکردن لەپرۆسەی دەنگدان ، هـــەر بـــەبڕیاری حیـــزب وەزیـــر لەپۆســـتەکەی لادەدرێ. بەڕێوەبـــەرو فەرمانبـــــەران دووردەخرێنـــــەوە، ئەنـــدامانی حیزبـــەکانیان دەردەکـرێن، بەگوێری یاسا ئەوەی سەرپێچی بکـات، ســـزا دەدرێـــت، بـــەلأم دارودەســـتەی دەســتەلأتداران و ئەنــدامانی حیزبــەکان چۆنیان بوێ ئاوا لێی دەخوڕن، دەست بەســـەر زەوی کشـــتوکالێ دادەگـــرن و بۆخۆیـــان دەگێڕنـــەوە. لەوشـــوێنە بەپیتانە پرۆژەی بازرگانیو پیشەسازی نـەگونجاو دادەمـەزرێنن. بـەلأم ئەگـەر هاولأتیـــەکی بـــێ شـــوێن لـــەڕووی ناچـاریەوە ژوورێـك لەسـەر ڕووبـەری چـەند مەترێکـدا دروسـت بکـات، یـان چـادر هەڵبـدات، یـان نـاو گۆڕستانەکان بکاتـە مـالێ و شوێنی ژیـــان، ئەوکاتـــە بـــەبڕیاری دەســـتەلأتداران بـــە ســـەریدا دەڕوخێندرێت.

لەســـایەی ئـــەو دیموکراســـیەی کەدەستەلأتدارانی باشـوور بانگەشـەی بـۆدەکـەن زۆربـەی بەرپرسـەکان بوونەتـــــە داراو ســـــەرمایەدار. کۆمپانیـــــای جـــــۆراو جۆریـــــان کردۆتـــەوە، کارگـــەو کارخانـــەیان دامەزرانـــدووە. تـــەواوی شـــارو دێهاتـەکانی کوردسـتانیان دابڕیـوە، دەســـتیان بەســـەر بازاڕەکانـــدا گرتـــووە. ســـەرجەم بوارەکـــانی بازرگـــانی و پیشەســـازی، بزافـــی هێنان و بردنیان مۆنۆپـۆلێ کـردووە.

**ئەمڕۆ هاوکێشەی دیموکراتیزەکردنی باشوور ڕەوتێکی پێچەوانەو نائاسایی گرتووە، بەرەو تاریکیو نادیاری مل دەنێ**

ئەمڕۆ هاوکێشـەی دیمـوکراتیزەکردنی باشوور ڕەوتێکی پێچـەوانەو نائاسـایی گرتووە، بەرەو تاریکیو نادیـاری مـل دەنێ. دیموکراسی بەو چەمکە ڕاڤـە دەکرێـــت کـــەحیزب و دەســـتەلأت بمێنێتــــــەوەو پــــــیرۆز بکرێــــــت. لەپرۆســـەی پەرســـتن و بـــالأکردنی ســـــەرکردەکان ورد دەکرێتــــــەوەو بـــەڕەوا دەناســـرێت. دیموکراســـی باشــــووری کوردســــتان لەســــەر ئـــارەزووی ســـەرکردەو بەرژەوەنـدی حیـزب و ڕیکـەوتنی دەسـتەلأتداران پێکهاتووە، بەواتای سەپشککردن و بێ هاوتـایی بڕیـاری دەسـتەلأتداران لێکدەدرێتـــەوە، ئەودیموکراســـیەی ئـــــەمڕۆ لەباشـــــوور پیـــــادەکرێ، لەحـەزوو ئارەزووەکـانی جـەماوەرو دەستەلأتی گەل تەکێندراوە، بەرەو هەڵـەت و کـوێرە ڕێگـا شـۆڕبۆتەوە، یـــان ئەوەتـــــە لـــــە فەزایـــــەکی عەســــــکەرتاریەت و دیکتــــــاتۆری دەگیرســـێتەوە، یـــا ئـــەوەتا دەبـــێ لەبنچـــــینەوە هەڵبتەکێنــــدرێو ســــەرلەنوێ لەســــەر بنــــەمای سیســـتەمی دیموکراســـی راســـتین و بەچـــاولێکەری و دەرس وەرگـــرتن لەئەزموونی ولأتانی دیموکراسیەوە، دابڕێژێندرێتـــەوە و پێکبهێنرێـــت. لەهەر ولأتێکدا وێنەی سەرکردەکان بەرزکرایــــەوەو بــــەزۆر لەشــــوێنە گشـــــتیەکانەدا هەڵواســـــران، لەهەرشــــوێنێ ئەگــــەر حیــــزب و ڕێکخراوی سیاسی لەسەر هەڵوێست نـان بـڕاو کـران، لەهـەر سـەردەمێدا ئەگەر ڕۆشـنبیرو نووسـەران لەسـەر قەڵەمەکانیان ڕاپێچی زیندان کران و دادگەیان بۆدانرا، ئەگەر بلأوکـراوەو ڕۆژنامـەکان پـەلاماردران و داخـران، ئەوکاتـە دەزانـدرێ کەدیموکراسـیو ڕای ئـــازاد خنکێنـــراوە، کـــاروانی دیمـــوکراتیزەکردن لاڕێ کـــراوە، بـــەرەو فـــەزای داپلۆســـین و دیکتاتۆریەت دەڕوات و دەبێ پێشی لێبگیرێت.

# مافی چارەنووس لە سۆدان حەڵاڵ و لە کوردستان حەرامە

نزار محەمەد

عەرەب لە عێراق بە شیعە و سوننەوە. سەرەتاییترین مافی مرۆڤیان لەکورد سەندەوە کە مافی دیاریکردنی چارەنوسەو لە بەندەکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ تۆمار کراوە، کەچی کورد بە ڕۆماسیەتێکی زۆرەوە ((بەڵێ)) بارانیان کرد، سەیرە لە گەرمەی ڕێککەوتنامەکانی حکومەتی خەرتوم لەگەڵ باشوریەکانی سۆدان، بەرپرسێکی بزوتنەوەکەی باشوری سۆدان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن وتی: ئێمە بە بەڵێنەکانی حکومەتی عەرەبی سۆدان هەڵناخەڵەتێین، چونکە ئەزمونی ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٩٧٠ مان لەبەرچاوە، کە عەرەب لە عێراق هەموو مافێکی حوکمی زاتی سەلماند بۆ کوردەکان کەچی پاش چوار ساڵ لێی پەشیمان بونەوە، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە. مافی چارەنوس و جیابونەوە لەبەرچاو بگرین. بەڵێ بەم جۆرە بزوتنەوە لە باشوری سۆدان لە ئەزمونی گەمەی گفتوگۆی کورد لەگەڵ عەرەب سودیان وەرگرت، کەچی سەرەرای ئەو ئەزمونەو هەڵەبجەو ئەنفال، کورد دیسان بەو ڕۆماسیەتەی فێری بووە چووەوە باوشی عێراقی عروبەوە، ئەمەیە ناهاوسەنگی عەقڵی سیاسی کوردی. لە چاو عەقڵی سیاسی سەرانی بزوتنەوەیەك لە باشوری سۆدان کە لەچاو خەباتی کوردا تەمەنێکی یەکجار کورتی هەیە. ساڵی ١٩٨٤ ( واتە ئەو ساڵەی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی یەکێتی لە ئەزمونێکی تری. گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی شکستی هێنا )، چەند ئازاوەو پێکدادانێکی خێڵەکی لە باشوری سۆدان دروستبوو، حکومەتی سۆدان کەسێکی خەڵکی ناوچەکەی نارد. بۆ باشور. تا ئەو. کێشەیە چارەسەربکەن، ئەو کەسەش ((جۆن گەرەنگ )) بوو، بەلأم گەرەنگ لە پڕ هەڵگەڕایەوە و بوو بە سەرکردەی باشوریەکان و بزوتنەوەیەکی بە ناوی ( بزوتنەوەی گەلی بۆ رزگاکردنی سۆدان ) دامەزراند دوای ٢١ ساڵ واتە ئەمساڵ، گەرەنگ لە روداوێکی فرۆکەدا کوژرا، بەلأم بزوتنەوەکەی سەرکەوت و لە رێککەوتنامەکەیاندا لەگەڵ خەرتوم، هەموو مافەکانیان زامن کرد بە مافی جیابونەوەشەوە.. لێرەوە هەندێ بەراورد لە نێوان سەرکەوتنی بزاڤی گەلیی بۆ رزگاری باشوری سۆدان و بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دەکەین:

١ ـ مافی دیاریکردنی چارەنوس لای ئێمە بوو. بە قوربانی سیاسەتی تەوافوق رێککەوتن لای باشوریەکانی سۆدان، جگە لەوەی ئەو مافە لە رێککەوتنامەکەدا تۆمارکرا، شەش ساڵیش دیاریکرا کە دوای ئەو ماوەیە باشوریەکان مافی جیابونەوەو دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆیی خۆیان. هەیە لای. ئێمە بە هۆی بزربوونی بەندێك کە مافی دیاریکردنی چارەنوس. بسەلمێنێ وەزیری رۆشنبیری دەنگی نەدایە دەستور، کەچی سزادراو لە کارلابرا، بەلأم لە باشوری سۆدان بە پێچەوانەوە سەرانی بزوتنەوەکە هەرەشەی شکستی رێککەوتنامەکەیان دەکرد ئەگەر ئەومافەیان نەسەلمێنێ و جیانەبنەوە. ٢ ـ باشوریەکان شاری خەرتوم بەشارێکی عەرەبی نازانن و پێیان وایە پایەختی هەرێمی باکورە، لەبەر ئەوەی خەڵکی باشوریشی تیا دەژی، لای ئێمە هەرزو. موسڵیان. بە شارێکی عەرەبی ناو زەند کرد و کەرکوکی دڵ و قودس کرا بەشاری برایەتی، کە دەبوو بەغدا شاری برایەتی بوایە، چونکە زۆرێك لە کورد و دەستەی تر لەبەغدا دەژین. ٣ ـ حکومەتی سۆدان و باشوریەکان لێژنەیەکیان بۆ دابەشکردنی سامانی نەوت. دروستکرد. هەروەها رێککەوتنامەکە دابەشکردنی دەسەلأت و دارایی و نەوتی لە خۆ گرتووە. لە کۆتاییدا دەڵێین گەر لای ئێمەش دەستور بەو جۆرە بوایە و وەزیری رۆشنبیریش دەنگی نەدایە ئەوا ئەوکاتەش هەر مافی خۆی بوو دەنگ نەدات. ٤ ـ حکومەتی هەرێم وەزیری رۆشنبیری لەسەر کارلابرد، لەبەر ئەوەی دەنگی بە پێشنووسی دەستوورێك نەدابوو کە خاڵی بوو لە مافی چارەنووس بۆیە گەلی کوردستان، بەلأم سەرکردەکانی جولانەوەی میللی بۆ رزگارکردنی باشووری سۆدان هەرەشەیان کرد ئەگەر ئەو مافە،. مافی چارەنووس نەسەلمێندرێ، رێککەوتنامەکە هەڵدەوەشێتەوە.

# ریپۆرتاژێك سەبارەت بەگرتنی دکتۆر کەمال سەید قادر

پەیامنێری ڕۆژی گەل



ڕۆژی ٢٣ / ١٠ /٢٠٠٥ دکتـــــۆر (کـەمال سـەید قـادر) لـە هـەولێرەوە ژمـــارە تەلـــەفۆنی خـــۆی کـــە (٧٥٠٤٩٠٧٥٥٨ ) ە بەماڵپـــــەڕەکانی ئینتـــەرنێت دەداتوو دەڵـــێ مـــن لـــە هـــەولێرمو بـــۆ ئـــەوە چـــوومەتەوە تـــا لەدادگا ڕووبـەڕووی ئەوانـە ببمـەوە کـە داوایـان لـە دژم تۆمـارکردووە. دکتـۆر کـــەمال کـــەخاوەنی دوو دکتۆرایـــە لـــە بـــواری یاســـاو مامۆســـتایە لـــە زانکـــۆی ڤییـــەنا، ماوەیـــەك مامۆســـتای زانکـــۆی سەلاحەدین بـووە، بـە تۆمـەتی ئـەوەی لەســـەر تـــۆڕی ئینتەرنێتـــدا بابـــەتی ناڕەوای بلأو کردۆتەوەو نـاوو نـاتۆرەی داوەتە پالێ چـەند کەسـێك، ڕۆژی (٢٦ / ١٠/٢٠٠٥) لەلایـەن هێزەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە لـە هـەولێر گـیراوە. تـا (٣) ڕۆژ کـەس ئاگـای لـە گرتنەکە نەبوو. ڕۆژی ٢٩ /٢٠٠٥/١٠ ماڵپـــــــەڕەکانی کوردســـتان نێـــت و کوردســـتان پۆســـت هـــەواڵی دســـتگیرکردنی دکتـــۆر (کـــەمال سەید قادر)یان بلأوکردەوە. کوردستان نێـــــت نووســـــیبووی (لـــــە هـــــەولێر جنێوفرۆشان دەگیرێـن! ! بـە گـوێرەی ئەو هەوالأنەی بە دەستمان گەیشتووە، لە هەولێر دکتـۆر کـەمال بـە هـۆی ئـەو جنێـــوو بوختانانـــەی کـــە لـــە ســـایتی کوردستان پۆست بـە ئـارەزووی خـۆی تەخشـانو پەخشـانی دەکـردو تـاوانی بەبێ بەڵگەی دەدایە پالێ ئەم و ئەو، لە هـەولێر دەسـتگیرکراوە. هـەروەها وەك دەردەکەوێت، زیاتر لـە چـەند لایـەنێك، (دەعوای) لەسەر ناوبراو تۆمارکردووە. شیاوی وتنە لە کوردستان بـە گـوێرەی یاســا جنێــو فــرۆش ئەگــەر دەروونــی ناساغ بـوو سـزا نایگرێتـەوە) هـەروەها ماڵپـــەڕی کوردســـتان پۆســـت نووســـی بـــووی (دکتـــۆر کـــەمال لـــە هـــەولێر بـــێ ســـەرو شـــوێن کـــراوەو مەترســـی ئـــەوە هەیـــە کـــە کـــوژرابێ) ڕۆژی (٣١ ی ١٠) ماڵپـــەڕی کودســـتان نووســـی بـــووی (بەپێی تازەترین هـەوالێ دکتـۆر کـەمال لـــە گرتووخانـــەی مەســـیفەوە بـــۆ گرتووخانـــەی مەحەتـــەی هـــەولێر گوێزراوەتـــەوە) دوای ئـــەوە بـــە دەیـــان بابەت لەسەر ئەو کێشەیە وروژێنـرانو هەڵمـەتی ئیمـزا کۆکردنـەوە بـۆ ئـازاد کردنـــی دەســـتی پێکـــرد. نامـــە بـــۆ ڕێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ و سـەرۆکی ولأتان نێردران و داواکرا لەچارە نووسی بکۆڵدرێتـەوە. لـەو ماوەیـەدا جگـە لـە ڕۆشنبیرانی کوردو بیانی زیاتر لـە (٦٠٠ )ڕێکخـــراوو کەســـایەتی عـــەرەبی کـــە لەناویانـــــدا دەیـــــان کەســـــایەتی و ڕۆشـنبیری ناسـراوو جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمانی بـەحرێنی تێدایـە گرتنـــی دکتـــۆر کـــەمالیان شـــەرمەزار کـــردووەو داوای ئـــازاد کردنیـــان کـــردووە. ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٥ بـــەڕێز (تـــەها بـــەرواری) نوێنـەری حکومـەتی هـەرێم لـە ولأتـانی ئەسکەندە ناڤیا لە دیمانەیەکیدا لەگـەڵ ڕادیۆی هاوپشتیدا ڕایگەیاند کە (دکتۆر کـەمال لەلایـەن پارتییـەوە لەبـەر ئـەو سوکایەتییەی کردوویەتی گـیراوە، بـەم زوانـە دادگـایی دەکرێـتو دەتوانێـت پـارێزەریش بۆخـۆی بگرێـت) دواتـر وەزارەتی دەرەوەی نەمسا پەیوەنـدی بە باڵیۆزخانەی خۆیان لە ئوردن کرد تا سەبارەت بەو مەسەلەیە پەیوەنـدی بە پرسـانی عێـراق بکـات. ئـەوانیش پەیوەنـدیان بەبـەڕێز وشـیار زێبـاری وەزیـری دەرەوەی حکومـەتی عێـراق و ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە کـردووە، بـەڕێزیان گوتویـەتی: ( بـەڵێ دکتـۆر کـەمال لـەلای پـارتی میوانـە و لەگـەڵ گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو کێشەیە چارە سەردەکرێت)